## فۆنتی عەلی و جنێوی کوردی

حەمەسەعید حەسەن

کوردستانپۆست هاوزەمان بلّندگۆی نەتەوەییە قولابییەکان، چەپە ساختەکان و بەعسییە دێرینەکانە. ئایا نەتەوەییەکی ساغ، نووسین بۆ سایتێک دەنێرێت، تێیدا سووکایەتی بە سروودی نیشتمانیی ولاّتەکەی بکرێت؟ ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزبان، که هاواری خۆڕاگرتن و شاگوتاری مانەوەی میللەتی کوردە و لەسەر پەڕەی دلّی گەلی کورد نووسراوەتەوە، ئایا کەسێک ئەگەر بە ڕاستی کوردپەروەر بێت، ئەو سروودە دەشێوێنێت و گالّتە بە هەستی نەتەوەکەی دەکات! ئایا سایتێک ئەگەر تۆزێک سەنگین بێت، ئەو سووکایەتییە بە گەلێک دەکات! ئایا چەپێکی ڕاستەقینە لە سایتێکدا دەنووسێت، کە بلّندگۆی کۆنەبەعسییەکانیش بێت؟ ئەوی ئەو چەپە ساختانە، ئەو نەتەوەییە قولابییانە و ئەو کۆنەبەعسییانەی لەژێر دەوارەشڕی یەک مالّپەڕدا خڕ کردووەتەوە، تەنیا بێپرینسیپی و ئازادیی جنێوبەخشینەوەیە و هیچی تر.

(لە ئەورووپا، هەموو مێردمندالّێک دەتوانێت مالّپەڕ بکاتەوە،) ئایا ئەوی کەچەسایتێکی دامەزراند، بێ ئەوەی لە ژیانیدا نامیلکەیەکی سەبارەت بە ڕۆژنامەگەری خوێندبێتەوە، دەکرێت خۆی لێ ببێت بە ڕۆژنامەنووس! ئایا ئەوی لە کەرەسەکانی نووسیندا تەنیا خاوەنی فۆنتی **دیلان** یان عەلی بێت، نووسەرە! ئایا ئەوی سایتێکی ئاوەدان کردەوە، ئیدی مافی ئەوەی هەیە، بە ئارەزووی خۆی جنێو بدات و جنێوی جنێودەرانی دیکەش بلاّو بکاتەوە!

ئایا کۆنەبەعسییەک یان سایەقتەکسییەک مافی ئەوەی هەیە، ناسنامەی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی بەم بدات و لەوی تری زەوت بکات! ئاخۆ کۆنەبەعسی مافی ئەوەی هەیە، ڕاستەڕێی خەبات نیشانی ئەم حیزبی کوردی یان ئەوی دی بدات! من نە بە بارزانی سەرسامم، نە بە تالّەبانی، بەلاّم خوڕ خوڕ گریانم بۆیان دێت، کاتێک لە کوردستانپۆستەوە، ‹بورهان هەژار›ی کۆنە بەعسی ڕێنوێنییان دەکات، یان هیوا گولّ محەمەدیی سایەقتەکسی، خۆی لێ دەبێت بە دۆکتۆر جەمال نەبەز و دەرسی کوردایەتییان دادەدات! من ڕێزم بۆ شۆفێران، هەر لە هی تەکسییەوە، تا هی درێژترین ماشێنی بارهەلّگر هەیە، بەلاّم قەت بووە، سایەقتەکسییەک ستراتیژی بۆ نەتەوەیەک دارِشتبێت!

ئەوە مایەی شانازییە بۆ من، کە بەعس لە ڕێی هەفتەنامەی ‹هاوکاری›یەوە، تا یەک دوو مانگ پێش نۆی ئەپریلی 2003 یش هەر جنێوی پێ دەدام، بەعس وەجاخی ڕوونە، ئەو ئەرکە هەنووکە کوردستانپۆست بە لێهاتووییەوە جێبەجێی دەکات. ئەوە شەرمەزارییە کە قەلّەمکێشێک، ئیدی بەعسی بێت، چەپێکی قولابی بێت، یان نەتەوەییەکی ساختە، ستایشت بکات. باشترین خزمەتێک کە جنێونووسانی کوردستانپۆست، بە کوردی بکەن، هەولّدانە بۆ خڕکردنەوەی سەرجەمی جنێوی کوردی، کە بەشێکە لە کەلەپووری میللەتەکەمان، ئاخر تەنیا جنێو، بواری شارەزایی ئەوانە و خاترجەمم ئەگەر ئەو کارە وە ئەستۆ بگرن، تێیدا سەرکەوتوو دەبن.

2004. 09. 08